# ئاهەنگی جۆراوجۆرلە سلێمانی بەرێوە دەچێت

**پەیامنێرمان لە سلێمانی**

ئەمرۆ رۆژی جوارشەممەی ٢٠٠٣/٤/٩ رۆژێکی مێژووی گەلی عێراقە کە زۆر لە خەڵکانی عێراق دەیسەلمێنن ... بەتایبەتی دوای زیاتر لە سی ساڵ لە چەوسانەوەو زوڵمی بەعسیەکانی لە سەر گەلانی عێراق سەپا بوو بەلاّم ئەمرۆ هەر لە بەیانی زووە وە دەسەلاّتدارانی بەعس پایتەختی عێراق (شاری بەغدا) بەجێ دەهێڵن بە بێ هیچ بەرنگاریەك و بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەڕۆن. هەر بەم بۆنەیەوە لە شاری سلێمانی چەندین ئاهەنگ و وینەی جیا جیای سەرکردە کوردەکان و ئالاّی ئەمریکی و ئینگلیزی ( بریطانیا) وێنەی جورج بۆشی کوڕ و تونی بیڵەر بەرزدەکریتەوە لە هەموو شەقامەکانی شاری سلێمانی و ئاهەنگی تایبەت دەگێرن بۆ ئەم رۆژە کەناویان لێناوە بە رۆژێکی مێژوویی گەلی عێراق جەند ... دیمەنەکان جوانتر بوو لە وتنەکان خۆشی شاری سلێمانی لە باوەشی خۆی کرد بوو بەرگری لە خۆشی دەکرد ڕق و قینی خۆی دەخست بەر چەقۆ بەرگێکی نوێ ی لە بەر دەکات ... بۆیە پیمان باش بوو بەشداری خوشیەکانی گەلەکەمان بکەین و چەندین چاوپێکەوتن ساز بەدەین لەگەڵ خەڵك و بەرپرسانی حکومی وحیزبییەکان رۆشنبیران

لە شەقامی کاوە ی شاری سلێمانی لە بەردەمی ئوتیل نێرگس ئاهەنگێی موسیقی لە لایەنی خاوەن ئوتێلی ناوبراوەوە ساز ئەدرا ئێمەیش چاوەمان کەوت بە خاوەنی ئوتێل وەتی

زۆر سوپاسی بەرێزتان دەکەم هاتوون بۆ لای ئێمە بەشداریمان دەکەن لە خۆشییەکانماندا ئەمرۆ سەرەتای ئازادی هەموو گەلی عێراقە ئەمرۆ رۆخادنی رژێمی بەعس لە بەغدادا مانای نەهێشتنی دووبارە بوونەوەی ئەنفال وکیمیا باران و تاك وکۆمەل کوژییە ئەمرۆ خۆشترین رۆژە بۆیە تیپی موسیقیم هێناوە هەموو ئەم شەقامە بەشداری خوشییەکانمان بن

رزگار بوون لە رژێمی بەغدا مانای رزگار بوونە لە دکتاتوریەت جونکە پێم وایە هیچ رژێمێك لە جیهاندا وەك سەدام دکتاتور نەبووە تەنها هیتلریش وەکو ئەو نەبووە پیم وایە تا ماوەیەکی کەم حاکمی سەربازی ئەمریکی حکوم دەکات بەلاّم زۆر خایەن نابێت دواتر گەلی عێراق خۆی دەتونێت جکومی خۆی بکات

**كاك نوزاد وەهاب محمد امين زێرینگەری وەتی**

**هەست بە خۆشییەكی بیٚ وێنە دەكەم پێم وایە سەرەتای ئازادی یە و هیوادارم هەموو گەلانی عێراق بەیەكەوە بژێن واز لە چەك و چەكداری بهێنن بە رۆێكی شارستانێتی هەڵسوكەوت لەگەڵ یەكەوە بكەن تەمنی عێراقێكی بەڕ لە خۆشی و شادی دەكەم**

**بەلاّم عبداللەی قازی دەلێت**

**رەنگە لە خۆشیە شێت بم. . هیوادارم دكتاتوریەت نەمێبێت، حكومی فیدرالی لە كوردستاندا دابمەزرێت و شادی و خۆشی بە گەلی عێراق بە بخشێت**

**نوزاد عوسمانی خاوەنی چێشتخانەی شیرزاد لە شەقامی كاوە وەتی**

**بە نسبەت منەوە ئەم رۆژە رۆژی خۆشی هەموو گەلی كوردو عەربە سەرەتایەكە بۆلاچوونی رژێمێكی دیكتاتوری یە، وەمن هیوادارم تەمنا دەكەم گەلی عێراق خۆی حكوم بكات**

**زۆر سوپاسی كوردستان نێت دەكەم و هیوادارم ئێوە ئێمە و هەموو گەلی عێرق بە شادی و خۆشی بژێن لە داهاتووی عێراقدا**

**ئەوها خەلّك وەتاری خۆیان دەردەبرن.**

**ئێمەیش خۆمان لەگەڵ ئەو خەڵگاندا بۆ خۆشییەكانمان ساتیٚ ماندۆوەكانی گیانمان لە بیری خۆمان دەبەینەوە چاوەروانی ئایندەیەكی نەدیارین ئێستا هیوادارین خۆشی و شادی بە گەلی عیراق بەبخشیٚ و عێراقی داهاتوو بە ئاشتی و برایەتی هەموو نەتەوەكانی عێراق و سەقامگیركردنی ماڤەكانی هاولاّتیان تێدا پەسەند بكرێت.**

**رۆژنامە نووس**

**سابیر محمود داماو**

www.kurdistannet.org
كوردستان نێت